# حوكمی مانەوەی شوێنەواری خاڵ لەسەر لاشە وودانی ئاڵتونی پاش زانینی حوكمی حەرامیەكەی

[ كردي – كوردی – kurdish ]

## شێخ عبد العزيز بن باز


وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم بقاء أثر الوشم في الجسم وسن الذهب بعد معرفة تحريمهما

« باللغة الكردية »

## الشيخ عبد العزيز بن باز


ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی مانەوەی شوێنەواری خاڵ لەسەر لاشە وودانی ئاڵتونی پاش زانینی حوکمی حەرامیەکەی

لە شێخ عبدالعزیز بن بازەوە بۆ بەڕێز ( م . ع ) خوای گەورە سەلامەتت بکات، سلام علیکم ورحمة اللە وبرکاتە، پاشان .

سەبارەت بەو پرسیارەی ئاڕاستەی بەڕێوەبەرایەتی لێکۆڵێنەوەی زانستی و فەتوادانت کردبوو بە ژمارە ( ٢٠٧) لە بەرواری ١٢ / ١ / ١٤٠٩ کۆچی، کە پرسی بووت لەبارەی حوکمی مانەوەی شوێنەواری خاڵ لەسەر لاشە پاش زانینی حوکمی حەرامیەکەی، وە لە بارەی مانەوەی ددانی ئاڵتون کە کەسێکی موسڵمان بۆ خۆی دایینابێت لە کاتێکدا ئاگاداری حوکمەکەی نەبووبێت، وە ئەگەر کاتێکیش زانی بە حەرامی حوکمەکەی هەڵێ بکێشێت ئەوا بۆشاییەك لە ناو دەمیدا دروست دەبێت .

**له وه‌ڵامدا ده‌ڵێین :** خاڵ كوتان له‌سه‌ر لاشه‌ كارێكی حه‌رامه‌، ئه‌ویش به‌ به‌ڵگه‌ی ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی كه‌ له‌ پێغه‌مبه‌ری خواوه‌ ( صلى الله عليه وسلم ) ثابت بووه‌، كه‌ فه‌رموویه‌تی : « لعن الواصلة والمستوصلة، والواشمة والمستوشمة » واتا : نه‌فرینی خوا له‌و ئافره‌تانه‌ی كه‌ پرچی ده‌ستكرد ( باروكه‌ ) به‌ پرچیه‌وه‌ ده‌نوسێنێت، له‌و ئافره‌ته‌شی ئه‌و كاره‌ی بۆ ده‌كات، وه‌ نه‌فرینی خوا له‌و ئافره‌ته‌ش كه‌ خاڵی بۆ ده‌كوترێت، و له‌و ئافره‌ته‌شی خاڵ ده‌كوتێت بۆ خه‌ڵكی تر.

جا ئه‌گه‌ر موسڵمانێك كارێكی وایكرد و نه‌شاره‌زا بوو به‌ حوكمه‌كه‌ی، یان له‌كاتێكدا ئه‌و خاڵه‌ی كوتابێت كه‌ منداڵ بووبێت، ئه‌وا پاش ئه‌وه‌ی زانی كه‌ حه‌رامه‌ ده‌بێت لایببات، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هاتوو لابردنه‌كه‌ی ده‌بوویه‌ هۆی ناڕه‌حه‌تی، یان زیان له‌سه‌ر لاشه‌ی، ئه‌وه‌ ته‌وبه‌ كردن و داوای لێخۆش بوون له‌خوای گه‌وره‌ به‌سه‌ بۆی، و مانه‌وه‌ی له‌سه‌ر لاشه‌ی هیچی تێدا نییه‌، به‌ نسبه‌ت دانانی ددانی ئاڵتون به‌ بێ ئه‌وه‌ی ئه‌و كه‌سه‌

پێویستی پێ بێت، ئەوە کارێکی دروست نییە، چونکە بەکارهێنانی ئاڵتون بۆ پیاوان حەرام و ڕێگا پێدراو نییە، مەگەر پێویستی و زەرورەتێك هەبێت بۆ بەکارهێنانی، لە پرسیارەکەشتەوە ئەوە حاڵی بووم، کە جەنابت ئەو ددانە ئاڵتونیەت بۆ جوانی داناوە، ئەوە دەبێت لایببەیت و لەجێگای ئەوە ددانێکی تر لەو ( مادانە ) دابنێیت کە لە ڕووی شەرعەوە دروستە بەکارهێنانی، خوای گەورە هەمووان موەفەق بکات لەو کارانەی خـوی لێی ڕازییە، والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .

سەرچاوە : مجموع فتاوى ومقالات متنوعة المجلد العاشر